# دەروازەیەك لە مەڕ جێگیرو گۆڕاوەكان لە ئیسلامدا

ئامادەكردنی : یاسین احمد زەنگەنە

محرم / ١٤٢٩ كۆچی _ كانونی دووەم / ٢٠٠٨ زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

# دەستپێك

- بەمەبەستی رێنوێنی کردن و راست کردنەوەی رەوتی رابونی ئیسلامی و پتەو کردنی کارو پرۆژەی ئیسلامی و رۆشنبیرکردنی نەوەکانی رابوون و موسڵمانان بەگشتی ، بەبابەت و پرسە گرنگ و هەنوکەییەکان، بەچاکمان زانی بابەتی ئەم جارەمان دەروازەیەك بێت سەبارەت بەجێگیرو گۆڕاوەکان لەشەریعەتی ئیسلامداو بەزمانی دایك بیخەینە بەر دیدو زەینی خوێنەران .

- جێگیرو گۆڕاوەکان بریتین لە کۆمەڵێك چەمکی شەرعی سەبارەت بە چۆنیەتی بە رێوەبردن و رێکخستنی کاروباری مسوڵمانان و نەتەوەی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر رۆشنایی شەریعەتدا، هەندێك لەم چەمکانە جێگیرن و گۆڕانیان بە سەردا نایەت، بە پێی گۆڕانی کات و شوێن و سەردەم، هەندێکی تریان دەگۆڕێن لە چوارچێوەی دەقە شەرعیەکاندا . جێگیرەکان بەردەوام کەم و سنوردارن لە روی چەندایەتییەوە ، بەلاّم گرنگ و بنەمای سەرەکین لە روی چۆنایەتیەوە، وە لە میانەیەوە یەکێتی و یەکریزی مسوڵمانان بەرجەستە دەبێت و جیا دەکرێنەوە لە نەتەوەکانی تر .جێگیرەکان ناسنامەی رەسەنی مسوڵمانانەو هەوێنی هێز و توانـاو سەروەرییانە .بەلاّم گۆڕاوەکان لە روی چەندایەتیەوە زۆرو فراوانە بەلاّم لە روی چۆنایەتیەوە بابەتە لاوەکی و لق و چڵەکان دەگرێتەوەو بەڵگەیە لەسەر زیندویەتی و گونجان و نوێ بونەوەی ئیسلام لە هەموو قۆناغ و کات و شوێن و سەردەمێکدا .

- هەرچەندە ئەم بابەتە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، لەچەند لاپەڕەیەکدا تاوتوێو شەنوکەوی بکەین، بەلاّم بۆ ئەم قۆناغە سەرەتاو ڕوون کردنەوەیەك لەمەڕ باسەکە تینوێتی دەشکێنێ و ئەوانەشی بەدوی ووردەکاری زیاتردا دەگەڕێن دەتوانن سود لەسەرچاوەکان وەربگرن .ئەمەو خوا یاربێت هەوڵ دەدەین لەئاییندەدا لەسەر ئەم بابەت گەلانە زیاتر بدوێنین و توێژینەوەیان لەسەربکەین، ئەوەی ماوەتەوە لەم دەستپێکەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە، ئەم بابەتانە قسەو باسی زۆر لەخۆدەگرێت و لێکۆڵینەوەی زانستیانە و بابەتیانەی زۆری دەوێت، سروشتی بابەتەکە وایە راو رای پێچەوانە لەخۆ دەگرێت، هەربۆیە زێدەڕۆیی و بەکەم گرتن بەدی دەکرێت لە دیدو بۆچون و لێکۆڵینەوەکاندا و رۆچونیان پێوە دیارەو میانەییان نەپاراستووە .بەلاّم ئەوەی پێمان کرابێت لەم دەروازەیەدا باسەکەمان بەشێوەیەکی میانەیی خستۆتە ڕوو بێ زێدەڕۆیی و بەزایەدان، ئەگەر مەبەستمان پێکا بێت، ئەوا فەزڵ و بەخششی پەروەردگارە، گەرنا هەڵەو کەمو کورتی خۆمانە .

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لااله الا انت

ياسين احمد زەنگەنە

محرم /١٤٢٩ ك

کانوونی دووەم /٢٠٠٨ز

# بەشی یەکەم: جێگیرەکان

جێگیرەکان بریتین لەو کارو بارو شتانەی کە پێویستە وەك خۆیان بمێننەوە و گۆڕان و جێگرەوەیان بەسەردا نەیەت، بەپێ ی گۆڕانی کات و شوێن . ئەمانە وەك بنامەیەکی فەرمان ڕەوان بەسەر تاکەکانەوە و چوارچێوەیەکن بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەندەکان ، تەرازویەکی وردو هەستیاری وایە کە هەڵە قبوڵ ناکات و خاڵی جیاوازییە لەنێوان شەریعەتی ئیسلام و یاساو ڕێساکانی تردا . هەربۆیە جێگیرەکان لە ئایندا بواری سازش و پێداچونەوە لەخۆ ناگرێت و رەتی دەکاتەوە .چونکە جێگیرەکانی هەر ئاین و ڕێچکەیەك وەك قەڵغان و پارێزەرێك وان بۆ بەردەوام بونی ئەو ئاینە لەنێو شوێن کەوتوانیدا . ئەمەش لایەنی بیروباوەڕو بنچینەکان دەگرێتەوە ،کەناکرێت گۆڕان و رای جیاوازو ڕاڤەی جیاجیای بۆ بکرێت و بگۆڕدرێت بەپێ ی کات و شوێن و کەسەکان .

بەواتایەکی تر جێگیرەکان لەئایندا ئەو بنەماو بنچینانەن کە خوای گەورە یەکلای کردۆتەوە و ناکرێت ئیجتیهادی تێدا بکرێت یان گۆڕان و جێگیرەوەیان بۆ دابنرێت ، بەپێ ی گۆڕانی کات و شوێن و سەردەم .

ئەمەو ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەهەموو بوارەکاندا جێگیری زۆری هەیەو پێویستە هەموو مسوڵمانا ن بەهەردوو ڕەگەزەوە پێوەی پابەند بن . لەم بارەیەوە ئیمامی شافیعی : ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی (( کل ما اقام به الله الحجة فی کتابه او علی لسان نبیه (صلی الله علیه وسلم )منصوصا ،بینا،لم یحل الاختلاف فیه لمن علمه )).

بواری جێگیرەکان بواری عەقیدەی ئیسلامی و پایەکانی ئیمان و پایەکانی ئیسلام و بنەمای قەدەغەکراوەکان و بنەما رەوشتیەکان دەگرێتەوە . بواری جێگیرەکانی عەقیدەو بیروباوەڕ پەیوەستن بەدیاری کردنی تێڕوانین و دیدی ئایین بۆ سەرەتای دروست بوون و ئایندەو چارەنوس ، بۆ خواو بونەوەرو ژیان و مرۆڤەکان و ...هتد. ئەمەش پرس و پایەکانی ئیمان لەخۆدەگرێت . هەندێکی تری جێگیرەکان دروشم و بنەماکانی خوا پەرستی دەگرێتەوە ، کەپەیوەندی مرۆڤەکان بەپەروەردگارەوە لەڕوی کردارەوە دیاری دەکات .ئەمانەش پایەو کۆڵەکە بەرزو گەورەکانی ئیسلامەو لەبنەما گشتیەکانیدا جێگیرو نەگۆڕە . وەك نوێژو ڕۆژوو و زەکات و حەجو ...هتد. ئیمامی ( ابن تیمیة ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) جێگیرەکان بە ((الشرع المنزل)) ناودەبات و دەڵێت : (( وهو ماشرعه الله ورسوله من الاقوال ولاعمال مما لیس للاجتهاد فیها مجال )) .

بەشێکی تری جێگیرەکان بەندە بە بەها رەوشتییەکانەوە بەمەبەستی هاندان و ویستن و حەزکردن بەرەوشت و ئاکارە جوان و چاکەکان و خۆپارێزی لەخراپەکان و ڕەوشت نزمی .

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێدا پێویست بەگۆڕان ناکات و ناکرێت گۆڕانی بەسەردا بێت ، واتاو چەمکەکانی بەپێ ی کات و شوێن و بارودۆخو کەسەکان ناگۆڕێت . بەڵکو خوازراوی بەردەوام ئەوەیە ئەمانە جێگیرو نەگۆڕو چەسپاو بن ،تا لەمیانەیانەوە ژیان ئارام و چەسپاو بێت و دڵ و دەرون و هۆشەکان دڵنیا بن . هەروەها چەند ڕێباز و بنەمای گشتی تر هەن کە پەیوەندی بەسیستەمی ژیانەوە هەیە لەبوارە جیاجیاکانداو بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبنە هاوپێچ بۆ سێ خاڵەکەی پێشوو وەکو یاسای خێزان و میرات و هاوشێوەکانی و سیستەمی مامەڵەی دارایی و یاسای تاوان و سزاو ...هتد

ئـەم سیـستەم و ڕێبـازو بنەمایانـە دەچێتە نێـو خانـەی جێگیرەکانـەوە، لەبەرئـەوەی لـەرێگای دەقـی جـێگیری یەکلاکەرەوەوە هاتووە .

دەکرێـت هـەموو جـێگیرە شـەرعیەکان بگەڕێنینـەوە سـەر خانـەی تێکڕایـی _کلیـات_ شـەریعەت کەلـە پێـنج خاڵدایە ((ئاین ،نەفس ،ئـەقڵ و ژیـری ، نـەوەکان ، مـاڵ و سـامان )) بـەپێی هەرسێ پلە بەنـدی ((الضروریات-الحاجات ،التحسینات)). کە شەریعەت بۆ پاراستنی ئەم مەبەست و بەرژەوەندیانە هـاتووە ، لەجێنـشینی مـرۆڤ و پێـسپاردنی لەسـەر زەویـدا . جـا هـەر فـەرمان و کردارێـك کەبـچێتە ژێـر بازنـەی پێـسپاردن –تکلیـف- ئـەوا بەرژەوەندییـەکی تێدایـەو سـودو قازانجێـك دەگەیەنێتـە مـسوڵمانان . بەنـدەکان لەسـەریانە پابەنـدبن بەجێگیرەکانـەوە و بەرچـاو ڕوون بـن بەڕوناکیـەکانی لەبنـەماو بنـچینەی مەسـەلە شـەرعیەکاندا.هـەروەها جێگیرەکان ناکرێت بۆیان زیاد بکرێت ، هەر خستنە سەرێك دەچێتە نێو دەروازەکانی بیدعە و لادانەوە .

## بەشی دووەم: گۆڕاوەکان .

لە گۆڕاوەکاندا بوار بۆ ژیریو بیرکردنەوەو اجتهاد کردن والأیە، لە چوارچێوەی جێگیرە یەکلاکەرەوەکاندا - الثوابت القطعیة - چونکە گۆڕاوەکان مەزەندەکانن - ظنیات - چەندە جۆرە تێگەیشتنێك لە خۆدەگرن هەریەك لەو جۆرە تێگەیشتنانەش بەهەند وەردەگیرێ و لە نێو بازنەی ئیسلامدایە . لەبەرئەوەی خاوەنەکانیان بڕوایان بەدەقە جێگیرەکان هەیە ، بەلاَم نکۆلَی لە رویەك لەگۆڕاوەکان دەکەن کە بواری ئیجتیهاد و فرەڕایی دەیگرێتەوە، هەر مجتهدێك شوێن کەوتەی ئەو ڕایە دەبێت کەلای پەسەند - ترجیح - ە ، وەشوێن کەوتەکانی لەسەر هەقن چونکە خاوەنی اجتیهاد و تێڕوانینن . راستیش وتراوە کە ( الاجتهاد من اهم الثوابت وهو روح المتغیرات واساس الاختلافات ) ، بەواتای ئیجتهاد لە گرنگترین جێگرەکانەو گیانی گۆڕاوەکانەو بنچینەی جیاوازییەکانە .

بەکورتی مەبەست لە گۆڕاوەکان ئەو پانتاییەیە کە اجتهادی تێیدا دروستەو هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بەلَگەیەکی یەکلاکەرەوە لە دەقێکی ڕاست ، یان کۆدەنگێکی ڕاشکاوانەی لەسەر نەبێت . ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی (( وماكان من ذالك يحتمل التاويل ويدرك قياسا ، فذهب المتاول او القايس الي معنى يحتمله الخبر او القياس ، وان خالفه فيه غيره ، لم اقل ان يضيق عليه ضيق الخلاف فى المنصوص ))

بواری گۆڕاوەکان زیاتر لەئەحکامی مامەلَەکاندان ، سەبارەت بەکار ڕایی و چۆنیەتی ئەنجام دانیان ، کەمجار لەوبارەوە دەقی شەرعی نەگۆڕ هەیە ، یان لەبواری هەندێك لەلقەکانی خوا پەرستی و دابونەریت ، کە بەلَگەکان لە بارەیەوە لە شەریعەتدا بەڕەهایی هاتووە ، یان ئەوانەی حوکمەکانیان دەگۆرێت بەپێی گۆڕانی شێوەکانی، وەك نوێژ کردن بەنیسبەت کەسانی نێو کەشتیە ئاسمانیەکان ( رواد الفضاء ) یان رەوتی قیبلە بۆ کەسێك لەسەر مانگ نوێژ بکات ، یان احرام کردنی سەرنشینی فڕۆکە لەکاتی حەج و عەمرەدا یان بەکارهێنانی موغەزی لەکاتی ڕۆژو داو ....هتد.

ئەم گۆڕاوانە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا دێنە ئاراوە ،زانایانیش رای جیایان هەیە لەبڕیاردان لەمەڕ ئەم بابەتانە ، چونکە بەلَگەکان لە بواری مەزەندەکانن ، دەکرێت لای یەکێك پەسەند بێت لای ئەوی تر پەسەند نەبێت ، بەواتایەکی تر ڕێکەوتن نیە لەم مەسەلەو باسانەدا .

سیفەتی خوازراوو پێویست بۆ گۆڕاوەکان ئەوەیە ، بوارەکان بەرتەسك نەبێتەوە ، لەسەرئەوانەی ڕای جیایان هەیە، هەروەها ئەوانەی ڕای دژو پێچەوانەیان هەیە، بەفەتوا دان دەرنەکرێن لەبازنەی سۆز و بەزەیی خوا ، مەگەر بەهۆی ڕای جیاوازیانەوە پشت هەلَکەن و دابڕێن . رای جیاواز بەردەوام گەورەترین فاکتەری فراوانی و سانایی بووە لە ئایندا .یاساغو قەدەغە کراو لەوەدانیە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە، بەلَکو یاساغ لەوەدایە بەهۆی ڕای جیاوازەوە خەلَکی رق و کینە لەدلَیاندا دروست بێ و پەرت پەرت بن، وەهەرکات فرە رایی دوور بوو لەدەمار گیری قێزەون ئەوا دەبێتە مایەی ڕەحمەت و فراوانی بۆ مسولَمانان و بەلَگەیەکە لەسەر نەمری ئەم ئایینە کەبڕیارو یاساکانی هەموو نوێکارییەك لەخۆ دەگرێت ،شەریعەتەکەشی سازو گەنجاوە بۆ جێ بەجێ کردن لەهەموو کات و شوێن و حالَەتێکدا .

زانایان فەرموویانە (( الاختلاف فی الفروع رحمة )) راجیایی لە لقەکاندا مایەی سۆز و ڕەحمەتە ، ئەوەتا عمری کوڕی عبدالعزیز ((ڕەحمەتی خوای لێبێت)) فەرموویەتی (( ما یسرنی ان اصحاب رسول الله (ﷺ) ((لم یختلفوا ، لانهم لو لم یختلفوا لم یکن لنا رخصة )) قاسمی کوڕی محمد کە یەکێکە لە حەوت زاناو و فەقیهەکانی شاری مەدینە پرسیاریان لێکرد سەبارەت بەخوێندنی سورەتی (الفاتحة) لەدوای ئیمامەوە ئەویش فەرمووی (( ان قرات فلك فی رجال من اصحاب رسول الله اسوة،واذالم تقرا فلك فی رجال من اصحاب رسول الله اسوة)) هەروەها یەحیای کوڕی سەعید فەرموویەتی (( ما برح اولو الفتوی یفتون فیحل هذا ویحرم هذا ، فلا یری المحرم ان المحل هلك لتحلیله ،ولا یری المحل ان المحرم هلك لتحریمه )) هەروەها ئیمامی- ابن تیمیة — فەرموویەتی (( والنزاع فی الاحکام قد یکون رحمة اذا لم یفض الي شر عظیم من خفاء الحکم ، ولهذا صنف رجل کتابا سماه ((کتاب الاختلاف )) فقال احمد بن حنبل رحمه الله : سمه ((کتاب السعة )) ونقل بعض العلماء انه کان یقول :اجماعهم حجة قاطعة ، واختلافهم رحمة واسعة ) .

هەروەها ئیمامی زەرکەشی رەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی (( اعلم ان الله لم ینصب علی جمیع الاحکام الشرعیة ادلة قاطعة بل جعلها ظنیة قصدا للتوسیع علی المکلفین ، لئلا ینحصروا في مذهب واحد لقیام الدلیل القاطع ، .)) .

بەواتایەکی تر بوونی ڕای جیاواز لەرێچکە فیقهیەکاندا لە گۆڕاوەکاندایەو هۆکاری زانستی خۆی هەیە ، ئەمەش حیکمەتو دانایی تێدایە وەك سۆزو میهری خوای گەورە بەبەندەکانی، وەفراوانبونی بواری وەرگرتنی حوکمە شەرعیەکان لە دەقەکانەوە ،دواتر ئەمە نیعمەتێکەو سامانێکی فیقهی شەرعی فراوانەو موسڵمانان لەکارو باری ئایینیاندا لێ ی بەهرەمەند دەبن .ئەم فرە راییە لەبواری فیقهیدا مایەی کەم و کوڕی و دژایەتی نییە لەئیسلامدا بەڵکو مایەی گەورەیی و فراوان بوونی ئیسلامە و پێویستە شانازی پێوە بکەین .

لەراستیدا ئەم فرە راییە ناکرێت نەبێت ،لەلایەك دەقە بنەڕەتیەکان زۆرجار زیاتر لە مانا و واتایەك بەدەستەوە دەدات،هەروەها دەقەکان ئەگەری لەخۆگرتنی هەموو پێش هاتەکانی نی یە ،لە بەرئەوەی دەقەکان سنور دارن و پێش هاتەکان - وقائع - بێ سنورن ، بۆیە زانایان هانا بۆ بەراوردکردن و تێڕوانین بۆ مەبەستی حوکمەکان - علل الاحکام - مەبەستی یاسادانەر و مەبەستە گشتیەکانی شەریعەت دەبەن و بڕیاری پێ دەدەن لەسەر پێشهاتەکان و روداوە تازەکان ،ئالێرەدا تێگەیشتنی زانایان جیاوازی تێ دەکەوێت هەریەکە ئەگەرێکی لاپەسەندە لەنێوئەگەرەکاندا .

ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارو حوکمەکانیان سەبارەت بەبابەتێکی دیاری کراو جیاوازو چوون یەك نەبێت .ئەمەو هەریەك لەو زانایانە مەبەستیان گەیشتنە بە حەق و بەدوی حەقدا دەگەڕێن ،ئەگەر مەبەستیان پێکا ئەوا دوو پاداشتیان لای خوای گەورە بۆ دەنوسرێت ، وەئەگەر نەیان پێکا و کەوتنە هەڵەوە ئەوا هەر پاداشتێکیان هەیە لای خوای گەورە .

## بەشی سێ یەم: جێگیرو گۆڕاوەکان لە کاری پەروەردەو بانگەوازدا .

پرسی پەروەردەو بانگەواز هەنگاوی یەکەمە بۆ گۆڕانکاری ، ئەمەو بانگەواز کردن بۆ دینی خواو خاوێن کردنەوەی دڵ و دەرون ، دوو کۆڵەکەی سەرەکین لە بانگەوازی پێغەمبەراندا و کلیلی گۆڕان کارین بۆ هەر دەستەو کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی کە مەبەستیان بێت خەڵکی لە بەندایەتی بەندەکانەوە بۆ بەندایەتی خوای گەورەو لە تاریکی نەفامییەوە بۆ روناکی ئیسلام بەرن . خوای گەورەش لەم بارەوە فەرموویەتی (( یا ایها النبي انا ارسلناك شاهدا و مبشر ا و نذيرا وداعيا الي الله باذنه وسراجا منيرا )) الاحزاب ٤٥-٤٦ .

هەروەها فەرموویەتی (( هو الذي بعث فى الاميين رسولا منهم يتلوا عليهم اياته ويزكيهم و يعلمهم الكتاب و الحكمة وان كانوا من قبل لفي ضلال مبين )) الجمعة ٢ .

هەروەها فەرموویەتی (( ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغير ما بانفسهم )) الرعد ١١ .

دەبێت هەموان کار لەسەر ئەو راستیە بکەین کە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام و پەروەردە کردن لە سەر بنەمای ئیسلام ، کارێکی حیزبی نییە و ناکرێت دەستەو لایەنێك بە تەنها بە کاری خۆی بزانێت ، بەڵکو کارێکە پێویستە هەموان پێی هەستن و خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو دەستەو لایەنەکانە بە جیاوازی دید و بۆ چوون و بەرنامەی کاریان .

ئەمە و پرسی پەروەردەو بانگەواز کردن بۆ دینی خوا وەك هەموو کارو بوارەکانی تر چەندین جێگیر و چەسپاو وە چەندین گۆڕاو و مەزەندەکان و بابەتە ئیجتیهادیەکان لە خۆ دەگرێت ، لەم بەشەدا ئاماژە بە گرنگترین خاڵی ئەم بوارە دەدەین بە کورتی :

### یەکەم : جێگیرەکان لە بواری پەروەردە و بانگەوازدا :

١- پەروەردە کردن لە سەر بنەمای یە کتاپەرستی و عەقیدەی راست و دروست و دوور لە شیرك و کوفر هەر وەك خوای گەورە فەرموویەتی (( ان الله لا يغفر ان يشرك به و يغفر ما دون ذلك لمن يشاء )) النساء ٤٨ .

(( ولقد اوحي اليك و الي الذ ين من قبلك لئن اشركت ليحبطن عملك ولتكونن من الخاسرين . بل الله فاعبد وكن من الشاكرين )) الزمر ٦٥ — ٦٦

٢- پابەند بوون بە بنەما جێگیرەکانی قورئان و فەرموودەو کۆ دەنگی زانایان :

بەم پابەند بوونە شوێن کەوتەی سوننە لە شوێن کەوتەی بیدعە جیا دەکرێنەوە ، ئەم پابەند بوونەش بنەما و کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئیسلام لە خۆ دەگرێت . وەك ئاینی هاوبەشی نێوان پێغەمبەران وایەو کەس بۆی نیە بە موو لێی لابدات و ململانێی لەسەر بکات ، وە هەر کەسیش هاتە ناویەوە ئەوا مسوڵمانەو شوێن کەوتەی سوننەت و جەماعەتە . ئەم رێژەیەش پێویستەو زامنە بۆ مانەوە لە سەر راستە شەقامی ئیسلام و پارێزەرە بۆ نەکەوتنە نێو لادان و گومڕایی ، وەك لادانەکانی دەستە گومڕاکان کە هەڕەشەیان لێکراوە لە سەر زاری پێغەمبەری ئازیزەوە (ﷺ) . بۆیە پەیوەست بوون بە قورئان و فەرموودەو کۆ دەنگی زانایان مانای بەردەوام بوون لە سەر بەرنامەی ئیسلام دەگەیەنێت ، ئەوەتا مالیکی کوڕی ئەنەس فەرموویەتی (( السنة سفينة نوح ، من ركبها فقد نجا ومن تخلف عنها فقد غرق )) .

٣- بانگەواز کردن بۆ دینی خوا دەبێت گشتگیر بێت و گەیاندن دەبێت گشتی و رون و ئاشکرا بێت ، هیچ دەقێکی لێ پەراوێز و فەرامۆش نەکرێت ، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی (( یاایها الرسول بلغ ما انزل الیك من ربك وان لم تفعل فما بلغت رسالته والله یعصمك من الناس )) . المائده ٦٧.

٤- زیندوو کردنەوەی فیقهی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییەکان و خرا پەکاندا .(المصالح والمفاسد) .

پێویستە ئەوانەی بە کاری بانگەواز هەڵدەستن لە رابەر و زانایان و بانگ خوازان و بڕیار بە دەستان... هتد، کار بەو راستیە بکەن کە شەریعەتی ئیسلام هاتووە بۆ بە دەست هێنان و تەواو کردنی سودو بەرژەوەندیەکان ، وە پەك خستن و کەم کردنەوەی خراپەکان .هەروەها شەریعەت لە نێوان دوو چاکەدا کامیان چاکتر بوو ئەویان پارسەنگ دەکات و لە نێوان دوو خراپەشدا کامیان خراپەو زیانی کەمتر بوو ئەویان پارسەنگ دەکات . بە واتایەکی تر بە دەست خستنی گەورەترین بەرژەوەندی بە لە دەست دانی بچوکەکەیان ، وە دوور خستنەوەی گەورەترین خراپە کاری بە قبوڵ کردنی بچوکەکەیان .

بابەتی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندیەکان و خراپەکان دەروازەیەکی گرنگە بۆ ناسین و زانینی پرسەکانی ئەم قۆناغە و کلیلێکی تەواوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم بارودۆخ و سەردەمە بە هەموو قەیران و نەخۆشی و ناکۆکیەکانیەوە . وە دەروازەیەکە بۆ دامەزراندنی پردی پەیوەندی لە نێوان لایەن و رێکخراوە ئیسلامیە جیاکاندا بە جیاوازی لە بەرنامە و شێوازی کار و چالاکیان ، هەنگاوێکی راستە بەرەو لێك گەیشتن و رێگایەکە بۆ پێك هێنانی کۆمەڵی مسوڵمانان بە مانا گشتی و گشتگیریەکەی . بۆیە زیندوو کردنەوەی فیقهی هاوسەنگی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی هەر بانگەوازێکی پێگەیشتوو لەم قۆناغەدا وە یەکێکە لە جێگیرەکان ، پێویستە کاری لە سەر بکرێت .

٥- دوور کەوتنەوە لە دەمار گیری و بە هێزکردنی پەیوەندی برایانە لە سەر بنەمای قورئان و فەرموودە .

لەسەر بنەمای قورئان و فەرمووده پەیوەندی مسوڵمانان دادەمەزرێت ( انما المومنین اخوة ) .هەر بۆند و پەیوەندییەك دژ بەم راستیانە بێت ئەوا پەیوەندییەکی نەفامی و دەمارگیری کوێرانەیە . کە ئیسلام بە تەواوی رەتی دەکاتەوە .

نابێت پەیوەندی نێوان مسوڵمانان و گیانی برایەتی و خۆشەویستی و پشتیوانی و هاوکاریان ، لە سەر بنەمای ئیجتیهادی یان حیزبی کوێرانە دابرێژرێت . پێویستە تاکەکان وا پەروەردە بکرێن کە پشتیوانی و وەلایان بۆ ئیسلامە نەك شتی تر ، بزاف و لایەن و رێکخراوە ئیسلامیەکانیش تەنها شێوازێکە بۆ خزمەت کردن بە کاری ئیسلامی و لەو بازنەیەدا مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت . یەکێك لە گرفت و قەیرانە ترسناکەکان ئەوەیە کە مسوڵمانان بە هۆی جیاوازی دید و بۆ چونیانەوە دژایەتی یەکتر بکەن و گیانی برایەتی نەپارێزن، چارەسەر کردنی ئەمەش لە سەر ئاستی بانگەواز و بانگ خوازاندا ، یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی فیقهی کاری ئیسلامی لەم قۆناغەدا ، وە یەکێکە لە جێگیرە دامەزراوەکان لە هەر پرۆسەیەکی بانگەوازی و پەروەردەیی هاوچەرخ ، پێویستە مسوڵمانان پێوەی پابەند بن و لێی لانەدەن .

٦- ئەو بابەتانەی کە ئیجتیهادی تێدا دەکرێت و رای جیاواز لە خۆ دەگرێت، لە لق و بابەتە لاوەکیەکاندا، نابێت بکرێتە پاساو بۆ لێك ترازانی کۆمەڵی مسوڵمان و ناکرێت لە سەر ئەو بنەمایانە - ولاء وبراء -

دامەزرێت و دژایەتی بەرامبەر بکرێت، بەڵکو بەڕوون کردنەوە و هێنانەوەی بەڵگەی زانستی راست و پەسەند، بە نەرمی و لەسەر خۆیی و بەگیانی لێبوردەیی و سنگفراوانی مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکرێت .

کاری ئیسلامی دەبێت گەورەتر و فراوانتر بێت لەو هەموو ئیجتیهادە جیاجیایەی لە خولگەیدا دەسوڕێتەوە، چونکە شوێن کەوتوانی سونەت بە درێژای مێژوو هەروا بوون و دەبێت هەر واش بن .

**دووەم : گۆڕاوەکان لە بواری پەروەردەو بانگەوازدا .**

گۆڕاوەکان لە بواری پەروەردە و بانگەوازدا گەلێك زۆر و جۆرا و جۆرن ، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین بە کورتی :

**١- قۆناغی نهێنی و ئاشکرایی بە پێی هەل و مەرج و بارودۆخ :**

بانگەواز کردن بۆ دینی خوا ئەسڵ تێیدا ئاشکرایی یە و هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی (( فاصدع بما تؤمر واعرض عن المشركين )) الحجر ٩٤ . .

لە بەر ئەوەی بانگەواز هەموو خەڵکی دەگرێتەوە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا خوای گەورەش پێغەمبەری (ﷺ) ناردووە وەك رەحمەت و سۆز و بەزەیی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەروەك فەرموویەتی (( قل يا ايها الناس انى رسول الله اليكم جميعا )) الاعراف ١٥٨ .

ئەمەش گشتێتی بانگەواز و گشتێتی گەیاندن و روون کردنەوە دەخوازێت ، پێچەوانەی کاری نهێنیە، بەڵام بانگەواز کردن هەل و مەرج و بارودۆخ و قەیران و نسکۆی وای بە سەردا دێت، بانگ خوازان تێیدا هانا بۆ کاری نهێنی ببەن ، لە م کارەشیاندا رۆچوو زێدەڕۆ نین و بیدعەیەکیان دانەهێناوە ، بەڵکو سەرەتای بانگەوازی ئیسلامی هەر وابووە ، لە ژێر دەستی پێغەمبەری ئازیزدا (ﷺ) بە هۆی توندی ئازار و ستەمی قوڕەیشە بێ باوەڕەکانەوە .

بێگومان پێویستی بە کاری نهێنی یان ئاشکرایی ، بابەتێکی ئیجتیهادیەو لە نێو بازنەی سیاسەتی شەرعیدایە و فەتوادان و قسە کردن لە سەری دەگۆڕێت ، بە پێی کات و شوێن و بارودۆخ و لە خانەی گۆڕاوەکاندایە .

**٢- رێدان بە پەیوەست نەبون بە هەندێك لە دروشمە رێنوێنیە دیار و روو کەشەکان لە کاتی لاوازی و بێ دەسەڵاتیدا .**

جاری وا هەیە کۆمەڵێك لە مسوڵمانان - لە هەر وڵات و شوێنێکدا بن - توشی لاوازی و نسکۆی توند دەبن، هەندێکیان ناچار دەبن کە پابەند نەبن بە دروشمە ئیسلامیە دیارەکانەوە وەك هێشتنەوەی ریش بۆ پیاوانو شتی تری لەو بابەتە . بە هۆی فشاری توندی دەستەڵاتەوە، بە گرتن و راونان و .... هتد .

ئەم رێپێدانەش بە پێی بنەمای ( الضرورات تبيح المحضورات وتقدر بقدرها ) کاری لە سەر دەکرێت ، بە واتای شتە قەدەغەکراوەکان ، حەڵاڵ دەبێت ، لە کاتی زەرورەت و ناچاریدا ، بەڵام ئەمەش رەها نییە و بە ئەندازەی دور خستنەوەی زیان و مەترسییەکە، رێی پێدراوەو ناکرێت فراوان بکرێت .

ئەم باسانەش بابەتێکی ئیجتیهادیەو دەبێت کەسانی شارەزا و پسپۆر قسەی لە سەر بکەن و بڕیاری لە سەر بدەن وەك زانایان و سەرکردەی کۆمەڵە ئیسلامیەکان .

**٣- شێوازی بانگەواز و پلان و بەرنامەی بانگەواز کردن :**

ئەمەش یەکێکە لەو باس و خواسانەی کە ئیجتیهاداتی جۆرا و جۆر لە خۆ دەگرێت لە هەر قۆناغ و سەردەم و شوێنێکدا، بە پێی ئەو هەل و مەرجە هەنگاوی بۆ دەنرێت و پلان و بەرنامەی پەروەردەیی دادەرێژرێت .

ئەمە و هەر لایەن و کۆمەڵێکیش بە پێی دید و بۆ چون و جیهان بینی خۆی بە رنامەو پلان دادەنێت ، ئەم تێڕوانینانەش هەوڵ و کۆششی مرۆڤەکانەو کەسی تێدا پارێزرا و نی یە ، پیرۆزیش بۆ هیچ راو بۆچونێك نییە بەسەر ئەوی تردا و هیچیانیش جێگیر و دامەزراز نین بۆ هەتا هەتایی ، بە ڵکو ئەمانە هەمووی لە بازنەی گۆڕاو و مەزەندەکانن ، ناکرێت بە هۆیانەوە دوو بەرەکی و کێشە دروست بێت لە نێوان مسوڵمانانداا .

ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە ، ناکرێت بە پێی پێوەری شەرعی و عەقڵ و ژیری ، دید و بۆچون و ئیجتیهادی تایبەتی خۆمان بکەینە بڕیاری باڵا و بیسەپێنین بەسەر برایانی ترماندا ، وەیان تەنها بڕوامان بە تێڕوانین و پرۆژە ئیجتیهادیەکانی خۆمان بێت و ئەوانی تر بە چاوی سوك و کەم تەماشا بکەین .

چونکە هەموو ئەم باس و بابەتانە لە چوارچێوەی گۆڕاوەکانن و ئەزمونی تاك و کۆمەڵەکانن . دەشێت رەخنەیان لێبگیرێت یان پەرەیان پێ بدرێت و گۆڕانیان بە سەردا بێت بە پێی رێساو بنەما شەرعیەکان .

بەشی چوارەم : جێگیرو گۆڕاوەکان لەبواری کاری ڕێکخراوەیی و فرەیی نێو کاری ئیسلامی .

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین تیشکێك بخەینە سەر پرسی جێگیرو گۆڕاوەکان لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و فرەیی بزاف و لایەنە ئیسلامیەکان و دیاری کردنی جێگیرو گۆڕاوەکانی ئەم بوارە .
ئەمەو چۆن بتوانین ئەو فرەییەی کە بونی هەیە و بۆتە بەشێك لە واقیع ، بە شێوازێکی دروست ئاراستە بکرێت ، زیان و کەم و کورتیەکانی کەم بکرێتەوە و سودو بەرژەوەندیەکانی فراوان بکرێت .وەك دیاردەیەکی بەسود بۆ کاری ئیسلامی و پێشبڕکێ لە سەر کاری خێر و چاکەو خزمەت کردن لە چوارچێوەی گیانی هاوکاری و برایەتی ئیسلامیدا کاری لەسەر بکرێت .
به واتایەکی تر بەڕێوەچونی فرەیی، بە شێوەیەکی پێگەیشتوانەو مامەڵە کردن لە گەڵیدا وەك دیاردەیەکی ئیجابی لە نێو کاری ئیسلامیدا و کەم کردنەوەی زیان و نەرێنیەکانی .
جا بۆ ئەوەی فرەیی بە ئاراستەیەکی دروست و گونجاو دا بگوزەرێت و جێگای ڕەزامەندی خوا و مسوڵمانان بێت، وەك قبوڵ کردنی فرەیی لە ڕێچکە فیقهیەکاندا، کە بووە مایەی بە دەست هێنانی سامان و کلتورێکی فیقهی بێ شومارو دەوڵەمەند کە مایەی شانازی موسڵمانانە .بۆ ئەوەی باسەکەمان بە ئاقارێکی تەندروستدا بڕوات ئاماژە بە گرنگترین ئەو خالآنە دەدەین کەپێویستە هەبن لە نێو جێگیرو گۆڕاوەکاندا بە مەبەستی ڕێنمایی کردنی ئەم فرەیی یە، کە لە واقیعی حاڵدا بەرجەستەیە .

## یەکەم : جێگیرە چەسپاوەکانی نێو فرەییەکی ڕێمونی کراو :

**١- پابەند بوون بە یەك بنەمای عەقیدەو بیرو باوەڕەوە** .

هەر کات کاری ئیسلامی توانی هەموو لایەن و بزافەکان کۆ کاتەوە، لە دەوری بنەماکانی شوێن کەوتوانی سونەت و جەماعەت ، وە جیاوازییەکانی بەرتەسك بکاتەوە لە بازنەی لقەکان و بابەتە ئیجتیهادیەکان و لاوەکیەکاندا، ئەوا توانیویەتی زاڵ بێت بە سەر گرفت و کەم و کوڕیەکانی مەسەلەی فرەیی بزاف و ڕێکخراوەکان و ڕێ خۆشکەرێکەرێکی باشیش بەدەست دێنێت بۆ پەسەند کردنی ئەو فرەییە .
ئەو بنەما جێگیرانەی کە لە قورئان و فەرموودەو کۆ دەنگی زانایاندا هاتووە، بە چەشنی ئاینی هاوبەشی نێوان پێغەمبەرانەو بۆ کەس نی یە لێی لابدات .وە ئەوەی هاتە نێو جێگیرەکانەوە ئەوە مسوڵمانەو شوێن کەوتەی سونەت و جەماعەتە .ئەو ڕاو دیدو وتەو کارو بارە دروستە جیایانەی کە هەیانە لە ئاست و پلەی جۆرێتیە وەك ئەو جۆرێتییەی لە نێوان شەریعەتی پێغەمبەراندا هاتووە ( علیهم السلام ) .

**٢- سنوردار کردنی جیاوازییەکان لە بازنەی لق و بابەتە ئیجتیهادیەکان** .

پێویستە کاری بەردەوام بکرێت بۆ ئەوەی جیاوازییەکان لەم بازنەیە نەترازێن، بەردەوام کار بۆ ئەوە بکرێت ڕۆچون لە مەسەلە لاوەکیەکاندا نەکرێت و بەرز نەکرێتەوە بۆ ئاستی بنەماو پایەکانی بیر و باوەڕ و عەقیدە .
هەندێك هەن لە بابەتە ئیجتیهادیەکاندا توندن و دەیانەوێت ڕای خۆیان بسەپێنن ، بابەتە لاوەکیەکان دەگەیەننە ئاستی بازنەی بنەما و بابەتە عەقیدیەکان ، بەمەش گیانی لێبوردەیی لە دەست دەدەن و دژایەتی دێننە ئاراوە .

ئەوەی دەبێتە مایەی سنورداركردنی جیاوازی لە بازنەی لقەكاندا ، مانەوەی گیانی لێبوردەییە لە نێوان لایەنەكاندا و پاساو هێنانەوە بۆ یەكدیو رێز گرتن لە رای بەرامبەرە، ئەمانەش كارێكی پێویست و خوازراون . ئەمەو یەك دەنگی و هاوڕایی لە بابەتە لاوەكیەكاندا ئەستەمە، چونكە بە سروشتی خۆی ئەم مەسەلانە چەند روویەكی هەیە و ئەمەش مانای فراوانی و دەوڵەمەندی كلتورو فیقهی ئیسلامی دەگەیەنێت .

**٣- پاراستنی گیانی برایەتی و تەبایی :**

كاتێك فرەیی رێچكە فیقهیەكان جێگای قبوڵ و پەسەند بوو بە درێژایی مێژوو، هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەر مەزهەبەكان و زانا پایە بەرزەكانی رێچكەكان بە گیانی لێبوردەیی و سۆز و رێز و ستایشی یەكترەوە مامەڵەیان دەكرد و شوێن كەوتەی یەكتر دەبوون، داوایان لە شوێن كەوتوانیان دەكرد، بە دەمار گیری شوێنیان نەكەون، بەردەوام جەختیان لەوە دەكردەوە كە بەڵگەی یەكلاكەرەوەو بڕیار و حوكمی كۆتا بۆ شەرعی خوایەو هەموو كەس لە وتەكانی وەردەگیرێ و وەلا دەنرێت تەنها پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ) .

جا پێویستە لایەن و بزافە ئیسلامیەكان شوێن كەوتەی هەمان هەڵوێست و دید و بۆچون بن و گیانی برایەتی و ئامۆژگاری و رێز لە یەكگرتن بپارێزن، خۆشەویستی و پشتیوانیتیان لە سەر بنەمای ئیسلام بێت نەك شتی تر، دەمار گیری ڤێزەونی كوێرانە لە ریشەوە دەركێشن، تا فرەیی لە كاری ئیسلامیدا ببێتە فرەیی شارەزایی و پسپۆری و فرە چەشنی و .... هتد . نەك دژایەتی و رق و كینەو سەنگەر لە یەكتر گرتن .

ئەمە و كاربكەن لە سەر ئەو بنەمایەی كە كارو چالاكیەكانیان تەواو كەری یەكترییەو هەموو پێكەوە خزمەت بەیەك پرۆژەو ئامانج و ئاراستە دەكەن، مەبەستی هەموان رەزامەندی پەروەردگارەو پیادەكردنی شەریعەت و بەرنامەی خوایە لەسەر زەویدا . دەبێت ئەو راستیەش بزانن كە بەرەنگارییەكان كە رووبەڕوی كاری ئیسلامی و مسوڵمانان دەبێتەوە زۆر گەورەترو فراوانترە، لە تواناو ووزەی هەموو لایەنەكان بە گشتی، ئەی چی ڕوودەدات و چی دەبێت گەر لایەن و بزافەكان لە نێو خۆیاندا ناكۆك و نەیار بن ، بێ گومان جگە لە شكست و هەرەس و رو زەردی هیچی تر نادورنەوە .

## دووەم : گۆڕاوەكان لە پرسی فرەییدا :

گۆڕاوەكان و بابەتە ئیجتیهادیەكان لە مەسەلەی فرەییدا زۆرنو تەنها ئاماژە بە دوو خاڵ دەدەین بە كورتی :

**١- شێوزی پەروەردە و بانگەواز :**

لایەن وبزافە ئیسلامیەكان لە پرسی پەروەردە و بانگەوازدا دەست كراوەن و دەتوانن پلانی سەربەخۆی خۆیان هەبێت بۆ بانگەواز كردن بۆ دینی خوا، وەك بابەتی پەروەردە و راهێنان و كۆڕ و سیمینار و وۆرك شۆپ و وانەی گشتی و تایبەتی و بوونی كەناڵەكانی راگەیاندنی بینراوو بیستراوو خوێندراو .لە بوارە فیقهیەكانیشدا خەڵكی ئازادن بە پێی بەڵگە شەرعیەكان هەر رێچكەو بۆچونێكی فیقهییان لاگونجاو پەسەند بێت .

### ٢- شێوازی بەڕێوەبردن و کاری ڕێکخراوەیی :

هەر بزاف و ڕێکخراوێکی ئیسلامی بە پێی پەیڕەو پرۆگرام و کارنامەی خۆی کارو باری دارایی و کارگێڕی و ڕێکخراوەیی خۆی دەبات بە ڕێوە، کەس بۆی نی یە نکۆڵیان لێبکات و ڕەخنەیان لێبگرێت مەگەر بەمەبەستی ئامۆژگاری کردن و هاوکاری کردن وئاگادار کردنەوەیان بە هەڵە و کەم و کورتی بە شێوازێکی برایانە .

لە کۆتایی ئەم بەشەدا چەند ڕاستیەك دەخەینە ڕوو :

١- بونی فرە لایەنی واقیعێکی دیار و بەرجەستەی جیهانی ئیسلامییە بە گشتی و وڵاتی خۆشمان بە تایبەتی ئەمەش کۆمەڵێك فاکتەری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ... هتد . لە پشتەوەیە ئەوەی پێویستەو دەتوانین بە کردار ئیشی لە سەر بکەین بریتییە لەوەی چۆن بتوانین جیاوازیەکان بگۆڕین بۆ فرەییەکی دروست و بە سود تا هەموو لایەنەکان پێکەوە بارودۆخەکان لە خۆبگرن .

ئەمڕۆ کۆمەڵگاکان و تاکەکان لەژێر کاریگەرێتیە جیاواز و جۆراو جۆرەکاندا دید و بۆچون و بیرکردنەوەو باری دەرونی و ژیری و لێکدانەوەیان جیاوازە ، ژینگە جیاوازەکان کاریگەرێتی خۆی لە سەریان بە جێدێڵێت، جا بۆیە فرەیی بۆتە دیاردەیەك و خواستێکی سەردەم، پێویستە لە بازنەی گۆڕاوەکاندا هەڵسوکەوتی ژیرانەی لە گەڵدا بکرێت، هاوشان لەگەڵ پاراستنی جێگیرەکان و بنەما چەسپاوەکانی ئیسلامدا .

٢- هەموو دەستەو لایەن و ڕێکخراوێکی ئیسلامی کە لە نێو بازنەی (اهل السنة و الجماعة ) دایە، پێویستە لەسەر جێگیرەکانی ئیسلام کۆببنەوەو بە موو لێی لانەدەن، چونکە جێگیرەکانی ئیسلام جێگیری هەموو لایەکە و دەبێت پێوەی پابەند بن . بەڵام دەشێت لەنێو بازنەو چوارچێوەی ئیسلامدا هەر دەزگاو ناوەندو ڕێکخراوێکی ئیسلامی بەپێی تایبەت مەندێتی خۆی جێگیری خۆی هەبێت بۆ کارکردن و بانگەوازی ئیسلامی ، بەمەرجێك ئەم جێگیرانە پێچەوانە نەبێت بە جێگیرە شەرعیەکان . هەروەها لە ڕوی گۆڕاوەکانیشەوە دەزگاو و ناوەندو ڕێکخراو و لایەنە ئیسلامیەکان هەر یەکەو گۆڕاوی خۆی هەیە بە پێی پەیڕەو و کارنامەی خۆی، ئەم گۆڕاوانەش کار ڕاییەو بە پێی کات و شوێن و سەردەم دەگۆڕێت .

٣- پەیامی ئیسلام لە میانەی دەقەکانیەوە فێرمان دەکات چۆن سنگ فراوان بین بۆ گوێ گرتن لە ڕای بەرامبەرو دیدو بۆچونی، لە کاروبارە گۆڕاوەکاندا لەبەر ئەوەی بواری ئیجتیهادو ڕادەربڕین و داهێنانە، لە کاتێکدا هەموو پابەندن بە جێگیرەکانی ئیسلامەوە .

٤- کۆمەڵی مسوڵمانان دەزانن چۆن فرە ڕایی و ڕای جیاوازیان هەبێت، وەچۆن ڕێز لەدیدو بۆچونی بەرامبەر بگرن، لە کاتێکدا بەرامبەر لە چوارچێوەی جێگیرەکانی ئیسلام دەرنەچێت . بەڵام هەر کەس لە جێگیرەکانی ئیسلام لابدات هیچ سەنگو بەهایەك بۆ ڕاو بۆچونەکانی دانانرێت و حیسابی بۆ ناکرێت .

هەر وەك چۆن ئەهلی سونەو جەماعە هیچ بە هایەکیان بۆ خەواریجەکان دانەنا کە خەڵیان تەکفیر دەکرد بە هۆی گوناهی گەورەوە، یان بۆ موعتەزیلە کە باسیان لە ، (المنزلة بين المنزلتين ). دەکرد .... هتد .

لەبەرئەوەی ئەم دەستەو فیرەقانە لایان دابوو لە جێگیرەکانی ئیسلام، جیاوازی بیرو باوەڕو سیاسییان هەبوو لەگەڵ ئەهلی سونەو جەماعە دا ...ئەم پێوەرانەش فێرمان دەکات چۆن و کەی و لەسەر چی ڕاو دیدو بۆچونی جیامان هەبێت، لە نێو بازنەی کۆمەڵی مسوڵمانان‌دا و لە چوارچێوەی پابەند بوون بە جێگیرەکانەوە .

## بەشی پێنجەم : سودو بەرهەمی جێگیر و گۆڕاوەكان

گەر یاسای جێگیرو گۆڕاوەكانمان جێ بەجێ كرد بەشێوەیەكی میانەیی و دوور لەگیانی زێدە ڕۆیی و بەزایەدان بەسەر كردەوەی بەندەكاندا، بەجوانی بۆمان ڕون دەبێتەو كەچۆن شەریعەتی ئیسلام گونجاوە لەگەڵ فیترەتی بونەوەرو فیترەتی مرۆڤەكاندا و چۆن هەردوو ڕەگەزی جێگیری و مرونەت و گەشەكردنی پێكەوە كۆ كردۆتەوە .

بەم ئاراستە میانەییە كۆمەڵگای ئیسلامی دەتوانێت بەردەوام بێت لەژیاندا و لەپەرەپێدان و گەشەكردندا بێت، لەلایەك جێگیر بێت لەسەر بنەماو بەها و مەبەستەكانی، گۆڕاو و گەشەكردوو بێت لە زانست وشێوازو ئامرازەكانیدا .بەجێگیربون و جێگیرەكان كۆمەڵگای ئیسلامی زاڵ دەبێت بەسەر فاكتەرەكانی شكست و لادان و لەناوچون و توانەوە لە نێو كلتورو كۆمەڵگاو رۆشنبیریەكانی تردا ،یان هەڵوەشانەوە و لێكترازان بۆ چەن كۆمەڵگایەكی جیاوازو دژبەیەك لەواقیع دا، هەرچەند بەڕواڵەت یەك كۆمەڵگا بن.

بەمرونەت كۆمەڵگا دەتوانێت پەیوەندییەكانی خۆی ڕابهێنێت بەپێی گۆڕانی كات و بارودۆخی ژیان، بێ ئەوەی بنەماو تایبەت مەندییەكانی خۆی لەدەست بدات

ئەمەو مەترسی گەورە لەوە دایە ئەو شتانەی كە بازنەی گۆڕان و مرونەت و پەرەسەندن دەیانگرێتەوە، بیان كەین بەجێگیر و نەگۆڕ،یان ئەوانەی جێگیرو نەگۆڕن بیان گۆڕین و مرونەتیان تێدا بكەین ،ئەگەر ئەمە ڕوبدات ئەوا ژیان دەشێوێ و تەرازووەكان لاسەنگ دەبن و قەیران و پەرتەوازەیی روودەدات .دەشێت بڵێین جێگیرەكان لەگەڵ گۆڕاوەكان بەردەوام بوونە بەبێ چەق و بەستوویی — جمود -گونجاندنە — تكیف -بەبێ لادان، نوێ بونەوەیە بەبێ گۆڕان ولادان ،پێش كەوتن و گەشەكردنە بەبێ پەك خستن — تعطیل - رەسەنایەتیە بەبێ رۆچوون ، هەردووك پێكەوە وەك دوو ڕوی دراوێك وان و ، بێ یەك ناكرێن ، بوونی جێگیرەكان و گۆڕاوەكان پێكەوە پێداویستیەكە بۆ بەردەوام بوون بەبێ وشكی و چەق بەستویی، گەر پێكەوە هاوتا نەبن ئەوا دەكەوینە نێو گۆڕین و دەستكاری كردن و بەرەو نشێوی و لادان مل دەنێین.

دەكرێت جێگیرو گۆڕاوكان بەشێوازێكی تر گوزارشتیان لێ بكەین ،بەوەی كەلە ئیسلامدا دوو ناوچە یان دوو بوارمان هەیە، یەكێكیان شیاوە بۆ گۆڕان و نوێ بونەوە و گەشەكردن و ئیجتیهاد، ئەمەش ناوچەیەكی فراوانە زۆرێك لە ئەحكامە شەرعیە كرداریەكان و زۆرێك لەكاروباری ژیانی و دونیایی و — انتم اعلم بامور دنیاكم — ئەو شتانەی كە لەشەریعەتدا دەقێكی لەسەر نیەو — ناوچەی لێ بوردەیی و رەحمەت و میهری خودایە بۆ بەندەكانی لەبیرچون نیە - یان ئەو بابەتانەی كەدەقێكی گشتگیری لەبارەوە هەیە ،وەیان ئەو دەقە — جزئی — یانەی كەبەپێ ی بنەماكانی ئیجتهادو پێوەرە شەرعیەكان دەكرێت راڤەی بۆ بكرێت و لێكبدرێتەوە ، ئەمەو ئەم بابەتانە خۆی لە خۆیدا راڤەی جیاجیا لەخۆدەگرێت .

بەلأم ناوچەی دووەم یان بواری دووەم داخراوەو گۆڕان و گەشەكردن و نوێ بونەوەو ئیجتیهاد كردن نایگرێتەوە .ئەمەش بیروباوەڕو بنەما سەرەكیەكان و حوكمە یەكلاكەرەوەكان دەگرێتەوە، وەیەكەی ژیری و

هەست و بیروباوەڕ و ڕەفتاری نەتەوەی ئیسلامە ،وە لەمیانەی شارستانییەتی ئوممەتی ئیسلامەوە هەنگاو دەنێت و گۆڕانی بەسەردا نایەت، بە پێ ی کات و شوێن و سەردەم .

وەئەگەر ئەم جێگیرانە نەبوایە ئەوا نەتەوەی ئیسلام پەرتەوازە دەبوو بۆ چەندین نەتەوەی جیاجیا و چەندین شارستانیەتی جیاجیای دەبوو لە نێو شارستانیەتی ئیسلامدا ،ئاینیش وەکو هەویرێك دەبوو هەرکەسەو چۆنی ویستبایە وای لێدەکرد ، وەلە هەر سەردەمێکدا ئاین و بۆچونێکی تایبەت دەبوو ،وەهەر وڵاتەو ئاینی خۆی دەبوو، وەهەر دەستەو کۆمەڵێك ئاینێکی دەبوو ،ئەو کاتە یەك ئیسلام نەدەبوو کە ئومەت یەکبخاو شارستانییەتی بۆ دامەزرێنێت، بەڵکو چەند ئیسلامێك دەبوو بەپێ ی کات و شوێن و وڵات و کۆمەڵ و زمان ... هتد .بەو شێوەیە ئامانجی نەیارانی ئیسلام دەهاتە دی کەبە خەڵکی دەڵێن قورئان بۆ قۆناغێکی دیاری کراو هاتووە بەتەنها کە قۆناغی پێغەمبەرە(ﷺ) هەروەها ئیسلام ئاینێکی نەمر نی یە، قورئانیش کتێبی خوا نی یە بۆ هەموو مرۆڤەکان، دواتر ئیسلام شارسانیەتێکی جێگیر نی یە . بەڵام بە پێچەوانەی حەزو ویستی نەیاران، ئاینی ئیسلام هاتووە بۆ ڕێکخستنی هەموو کاروبارەکانی ژیان و تایبەتە بەهەموو نەتەوەکانەوە بەهەموو مرۆڤاکان و جنۆکەکانەوە بە درێژایی سەردەم و قۆناغەکان .هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی (( وما ارسلناك الا رحمة للعالمین )) .

# سەرچاوەکان


1) الثوابت والمتغيرات  فى مسيرة العمل الاسلامي المعاصر – تاليف د.صلاح الصاوي الطبعة الثانية  ١٩٩٨.

2) السياسة الشرعية في ضوء نصوص الشريعة و مقاصدها د . يوسف  القرضاوي .

3) الفقة السياسي الاسلامي، د. خالد الفهداوى الناشر / الاوائل للنشر والتوزيع و الخدمات الطباعية سورية – دمشق – طبعة ٢٠٠٣

4) الثابت و المتغير في فكر الامام الشاطبي – تأليف مجدي محمد محمد عاشور، الطبعة الاولى ٢٠٠٢ دار البحوث للدراسات الاسلامية و احياء التراث .

5) الموازنة بين المصالح – دراسة تطبيقية في السياسة الشرعية / الدكتور احمد عليوى حسين الطائى دار النفائس للنشر والتوزيع – الاردن  الطبعة الاولى ٢٠٠٧.

6) الثابت و المتغير من  احكام الاسرة في الشريعة الاسلامية – د. مسعود قلوسي / مقالة منشورة في الانترنيت .

٧-   فقه الثوابت والمتغيرات/ مقالة منشورة في الانترنيت .

٨- قراءة في هموم العمل الدعوي ( الكاتب:الشيخ  سلمان العودة  ) . مقالة منشورة في الانترنيت .